## هەڵبژاردن، هەڵبژاردە ، هەڵبژێرەر و خۆهەڵبژاردە!؟

لەم سەردەمە پڕ لە ئاڵۆزییە، بە بێ زانیاریی ڕاستەقینە، تێگەیشتن لە زانیاریی و دەوری زانیاریی لە سەردەمی زانیاریی، مامەڵەی گونجاو بۆ مرۆڤ لە ژیاندا هاسان نییە. ڕاپەڕینی ژینا( ٢٠٢٢-٢٣) و هەڵبژاردنی نوێنەرانی مەجلسی "ئێران" لە ڕۆژی ١١ی ڕەشەممەی٢٠٢٤ لایەنی تاریکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لە بواری زانیاریی، تێگەیشتن لە زانیاریی و نەبوونی زانیاریی خستە ڕوو. ئەم ڕووداوانە دەریخست کۆمەڵگای کورد بە زانیاریی ڕووکەشیانە، تەبلیغ و پڕۆپاگەندە تێردەکرێ و سیستەم ودەزگاو بانکی زانیاریی لە گۆڕێدا نییە. کورد لەم بەستێنەدا دەستی بەتاڵە و کەوتۆتە ژێر ئۆتۆرێتەی مێدیا و دەزگای دەرەوەی خۆی و بەردەوام  بۆمباران دەکرێ.

کاری مێدیا و ڕێکخراوی سیاسی کورد، ئەوە دەردەخەن کە ئەوان زانیارییبەخش نین و سەردەمیانە ناجوڵێنەوە. بە پێچەوانەی ئەوان، وڵاتانی ناوچە و وڵاتانی ڕۆژئاوایی بە تایبەت ئوروپا و ئامریکا و ناوەندەکانی زانستی و زانیاریی و سیاسییان وردترین زانیاریی بە شێوەی سیستیماتیک لە سەر هەموو لایەنەکانی کورد، نمازە سیاسی کۆ دەکەنەوە و لە زۆر وڵاتی ئورووپی بەشی تایبەت بە کورد و کوردستان هەیە.
تاکی کورد لە ڕیزی خەڵکی وڵاتانی ئیسلامی بەژمار دێت، کە لە ساڵدا کەمترین کتێب دەخوێننەوە و کەمترین زانیاریی سوودمەندیان پێدەگات. لە ڕۆژانی وەک "هەڵبژاردن" دەردەکەوێ کە کانگای زانیاریی و جوڵێنەریی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی مرۆڤی کورد، سیستەمی زاڵی حکومەتییە نەک ئۆپۆزسیۆنی کورد!

### کورد و هەڵبژاردن و پرۆپاگەندە

لە کاتی هەڵبژاردن زۆر کەس سەرقاڵی پڕۆپاگەندە، تەبلیغ و درووشمدان بوون، کارێک کە بیرکردنەوە هەڵناگرێ و لە ڕێگای هەست، غەریزە و لایەنی نائاگابەخۆوە سەر دەگرێ.  بەدەگمەن لێکۆڵینەوە، شیکردنەوە، لێکدانەوە  بیندرا،  ئەوەش وەک نووسراوە، لایف بەرچاو کەوت، جێگای خۆی نەگرت، لەبەر ئەوەی کۆمەڵگای ئێمە لە بیست ساڵی ڕابووردوو بە گوێگرتن، چاولێکردن، خوێندەنەوەی خێرای "وردە تێکست" عادەت دراوە و ئەمەش ڕێگرە  لە بەسەرئەنجام گەیشتنی ڕەوتی بەردەوامی فێربوون.

سۆسیال مێدیا لە چرکەدا بە ملیارد زانیاریی ڕووکەش و زڕەزانیاریی دەخاتە بەردەست و مێشک عادەت دەدا بە خێرا سەیرکردن وخێرا دەربازبوون، کە بیرکردنەوەی لێناکەوێتەوە. ئەم بەردەوامییە لە ڕۆژ و شەو زۆرتر لەوەی لایەنی خەزنکردنی درێژخایەنی مێشک چالاک بکات، لایەنی کورتخایەن چالاک دەکات کە زانیاریی تێیدا نامێنێتەوە و لە چرکەدا دەسڕدرێتەوە. هەر بەو خێراییە هەرکام لە ئێمە کۆمێنت دەنووسین و ئەنگوست بە دڵ و گوڵ و ئۆکەیدا دەنێین، ئەوە بەو مانایە نییە کە زانیاریی لە مێشکی ئێمەدا تۆمار دەکرێ.

لە هەڵبژاردنی مەجلسی مەلاکان ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بیندرا، درووشم و پرۆپاگەندە بوو. نەبیندرا زانیاریی لە سەر ٨٨٥ کاندیدی مەجلیس ، کە هێندێکیان زیاتر لە چل ساڵە خزمەتکاری ڕژیمن بڵاوکرێتەوە و کارنامەی دەیان ساڵەی ئەوکەسانە بە پێی بەڵگە و کار و ئاکاریان بخرێتە بەر دەست، بەڵام بیندرا کۆمەڵێک بەناو  "نوخبە" بە دزیی و بەئاشکرا لە پشت سەریان ڕاوەستان! ڕژیم سەرەڕای گرفتەکانی سیاسی، ئابووریی، ئیداریی، کۆمەڵایەتی، ئەمنیەتی، توانی لە شار و گوندەکانی کوردستان بە بێ قرە و بە بێ گرفت سنندوقەکانی بگێڕێ و دەنگ کۆکاتەوە.

 هەڵبژاردنی ئەمجارەی "ئێران"، ئاشکراکردنی قووڵبوونەوەی "قەیرانی" ڕژیم - خەڵک - ئۆپۆزسیۆنی کورد و نەکورد بوو. لە  ڕێگای پرۆسەی بە ناو هەڵبژاردن دەرکەوت، "خەڵک، ڕژیم و ئۆپۆزسیۆن" خاوەنی هێز و بەرنامە و ستراتێژی یەکلاکەرەوە نین و هەر سێ لە بازنەی نەگۆڕیی خۆیاندا دەخولێنەوە و داهاتوو بۆ هەر سێ لا ناڕوون ماوەتەوە! ئەمە ڕوونتر لە ڕاپەڕینی ژینادا دەرکەوت.

ئۆپۆزسیۆنی کورد و ئێرانی بایکۆتی هەڵبژاردنیان کرد و داوایان لە خەڵک کرد بەرەو سنندوقی دەنگدان نەچن. بەڵام بۆ خۆیان ڕوون نەبوو، کە ئالترناتیوی هەڵنەبژاردن چییە؟ بۆ خەڵکیان ڕوون نەکردەوە کە ئەگەر لە هەڵبژاردن بەشداری نەکەن چ دەقەومێ و خەڵک چی بەدەست دەهێنن! ڕژیم هیچ پرۆگرامێکی ڕوونی بۆ باشترکردنی ژیانی خەڵک نەبوو.

خەڵک ئەوەی دەنگی دا و دەنگی نەدا هیچ جێگرەوەیان بۆ ڕژیم نەبوو. ڕژیم و کاندیدەکان پێویستیان بە ٢٠٪ لە سەدی دەنگی بەشداربووان هەبوو، کە لە هەر حاڵدا بە دەنگی مردوو و زیندوو پێیدەگەیشتن!

ڕژیم، ئۆپۆزسیۆن و خەڵک لە بازنەی تێگەیشتنی کۆنی خۆیاندا سوورانەوە. لە بازنەی ژیانی ئەمڕۆدا هەڵسوکەوتیان کرد. لە بازنەی سیاسەتی ئەمڕۆدا جوڵانەوە و پاش کۆتایی "مەزحەکەی هەڵبژاردن" گەڕانەوە سەر دۆخی "عادەتی" خۆیان! ئەم ڕەوتە دەریخست، سەرەڕای نارازیبوونی خەڵک، هێزی ڕێکخەر لە ناو کۆمەڵگا لاوازە یان بوونی نییە.

خەڵک لە ڕاپەڕینی ژینا هاتنە سەر شەقام، بەشێکی بەرچاو لەو خەڵکە بایکۆتی هەڵبژاردنیان کرد، مێدیا و گەلێک ناوەندی سیاسی جیهان هەرچەند نە زۆر جیددی، هاتنە سەر خەت، بەڵام ئۆپۆزسیۆنی ناوخۆ و دەرەوە بێ بەرنامە و بێ ڕێکخراوەتربوون لەوەی هەر دوو جوڵانەوەی ژینا و بایکۆتی هەڵبژاردن بە سەرئەنجام بگەیێنن. خەڵک نەیانتوانی خۆیان خۆیان ڕێکبخەن. "پێشڕەوانی" ناوخۆ سەرەڕای هەمموو فیداکاریی نەیانتوانی لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکدەنگی پەیدا بکەن و یەکگرتوو ڕاپەڕین پێش بخەن. ئۆپۆزسیۆنی"ئێرانی" دەرە و ژوور ناکۆک و پرژوبڵاوتر بوون لەوەی، بتوانن کۆمەڵگای لەبەریەکترازاوی "ئێران" لە چوارچێوەی یەک مەبەست و یەک بەرنامە کۆبکەنەوە. ئێستا کە ئەم دێرانە دەنووسرێ بێدەنگی لە هەر سێ لا زاڵە.

پرۆسەی جیابوونەوە لە ڕژیم لە پڕێکا نییە و کارێکی بەردەوامی ڕۆژ و مانگ و ساڵە. ئەمەش بە پێی بەرنامە، ستراتێژی، ڕێکخستن سەردەگرێ. جێگای مرۆڤی سیاسی ناو خەڵکە، ناو ژیان و کاری ڕۆژانە. گۆڕینی تێگەیشتن و دوورکەوتنەوە لە ڕژیم بە پرۆپاگەندەی هاکەزایی چەند ڕۆژە سەری نەگرتووە و سەر ناگرێ.

پاش ڕاپەڕینی ژینا کە زیاتر لە ٥٠٠ کەسی تێدا کوژرا و سەدان و هەزارانی تێدا بریندار و زیندانی و ئاوارەی وڵاتان کرا، ٨٨٥ (هەشت سەد و هەشتا وپێنج) کورد، وەک ئەوەی ئەم ڕژیمە کەسی نەکوشتبێت، چاوی سەدانی کوێر نەکردبێت، کەسی هەڵنەواسیبێت، کەسی حەبس نەکردبێ، خۆیان کردە کاندیدی هەمان مەجلیس کە بڕیاری سەرکوتی خەڵکیان دەردەکرد! ئەم ٨٨٥ کەسە و ئەوانەش دەنگیان دا، باڵای دوو ملیۆن و نیو کوردی شار و گوندی کوردستان بوون.

ئەم ٨٨٥ کەسە کە زۆربەیان خاوەنی خوێندنی باڵا بوون، بە مەیلی خۆیان یان بە پێی داوای ڕژیم و دەزگاکانی سیاسی، ئەمنیەتی، ئیداریی، ئیدئۆلۆژیک ببوون بە بەربژێر. ئەم کەسانە شارەزای خەڵک و کۆمەڵگا و ڕژیم بوون و بە زانایی خۆیان کردبووە کاندید و تاقمێک لەوان بە ساڵان زمانی ئاشکرای حکومەت بوون و نەبیندرا ڕۆژێک لە ڕۆژان حزب و ڕێکخراوی ڕۆژهەڵات کارنامەی ئەوانە بخەنە ڕوو!

بۆچی ٨٨٥ کەس ناونووسییان بۆ مەجلیسی حکومەتێک کردووە، کە ٤٥ ساڵە وەک داگیرکەر لە کوردستان دەجولێتەوە؟ بۆچی ٢٠٪ هەتا ٥٥٪ زیاتر لە دوو ملیۆن و نیو کورد بەرەو سندوقی دەنگدان چوون!؟ بۆچی ئەو خەڵکە بەرچاوە، بەرژەوەندی خۆیان لە گرێدراوی بە داگیرکەری خۆیان و وڵاتەکەیاندا دەبینن و خۆیانی لە گەڵ ڕادەهێنن؟ بۆچی ئاڵترناتیۆی ئەو خەڵکە، هێزی سیاسی-نیزامی" کورد نییە و بۆچی ئەوان ناکارا و ناتوانان لە جیاکردنەوەی خەڵک لەو ڕژیمە؟ ئەمانە و ئەوەی ئێمە دابمێنێن لە لێکدانەوە کە بۆچی کوردی ورمێ، نەغدە و شوێنیتر پاش چل وپێنج ساڵ" بوونەتە دەنگی زۆرینە"؟ دەریدەخات کە ئێمە لێکدانەوەی بنەڕەتی کۆمەڵایەتی، سیاسی، فەرهەنگی و ئامار و تێڕامانمان لە چۆنیەتی چین و توێژی ناو کۆمەڵگای خۆمان و گرێدراویی سوود و زیانی ئەوان نەبووە و حەز و خولیای خۆمان کردۆتەوە بنەمای تێڕامانمان.

"تێگەیشتنی رووکەشیانە"ی دڵبخواز، مانەوە لە بازنە و جەغزی تێگەیشتنی حزبی و گرووپی و ئیدئۆلۆژیک، ڕەنگە خۆڕازیکەر بێ، بەڵام بۆ حزبی سیاسی کارساز نییە و بەپێچەوانە زیانی سیاسی کۆمەڵایەتی ڕێکخراوەیی لێدەکەوێتەوە. وەک چۆن چل وپێنج ساڵە ئەم زیانە بەم ڕێکخراوانە کەوتووە بە بێ ئەوەی کارناسانە ئاوڕی لێبدەنەوە.

ئەوەی لە ورمێ و نەغدە و شارەکانیتری کوردستان لە ڕۆژی یازدەی ڕەشەممە ڕووی دا، درێژەی پرۆسەی ٤٠ ساڵە بوو، کە بەردەوامە. نەتەوەیەک کە لە بەهاری ساڵی ١٣٥٨ دەنگی "نا"ی بە حکومەتی ئیسلامی دا، زیاتر لە چل ساڵە بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی هەمان حکومەت دەکات، کە پێشتر لە بنەڕەتدا ڕەتی کردۆتەوە! ئەم ڕەوتە بە هەڵکەوت نییە و لایەنی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، ڕەوانی، دەروونی و ئابووریی هەیە و تا ئێستا بە جیددی تاوتۆ نەکراوە!

**هەڵبژاردن بە زمانی ئامار**

ئاماری دەزگاکانی ڕژیمی ئێران، سەد لە سەد نا، بەڵکوو بە دەرسەدێکی باڵا کۆمەڵگای کوردستانمان پێدەناسێنێ. لە سنە، دیواندەر، کامیران ٦٠ کەس، سەقز و بانە ١٩ کەس، مەریوان و سروئاوا ٣٥ کەس، قوروە و دێگوڵان ٣٦کەس، بیجار ٣٤کەس، ورمێ ١٣٢ کەس، ماکۆ پلدەشت، چاڵدران ٤٢ کەس، میاندوئاو ٣٤ کەس، نەغەدە و شنۆ ٣٤کەس، سائینقەڵا و تیکاب ٢٣ کەس، مەهاباد ٦کەس، بۆکان ١٥کەس، سەردەشت و پیرانشار ٧کەس، کرماشان ١٢٩کەس، ئیلام ٧١کەس وەک کاندید چەند هەفتە جاڕی بەشداریکردن لە هەڵبژاردیان کیشا و خەڵکیان لە خۆیان کۆکردەوە و هێندێکیان لە هۆڵی سێهەزار کەسی قسەیان بۆ خەڵک کرد.

بە پێی ڕاپۆرتی مێدیای "ئێران" ٧٢ هەزار کەس لە ئیلام بەشداری هەڵبژاردن بوون. بەربژێرەکان لە شارەکانی پارێزگای ئیلام لە نێوان سی بۆ پەنجا هەزار دەنگیان هێناوەتەوە. مەلایەک بە ناوی مرادبەگی بۆ چوونە "مەجلسی خوبرەکان" ١١٧ هەزار و ٦٦٢ دەنگی هێناوەتەوە. ئەوە دەرخەری تایبەتمەندی ئەم شوێنە و شوێنەکانی ترە کە نەبۆتە بابەت بۆ لێکۆڵینەوە لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوو.

محەممەد سوبحان حەسەنی جێگری سیاسی پارێزگای ئیلام دەبێژێ، ٢٥٣هەزار و ٨١٣ بەرگی دەنگدان لە پارێزگای ئیلام گەیشتۆتە دەست خەڵک، کە لەوانە ١٧٠هەزار و ٣٧٠ بەرگی لە شارەکانی ئەیوان و ئیلام و مەهران و چاردۆڵ و سیراوان و هیلان بووە. ٨٣ هەزار و ٤٤٣ بەرگ لە دهلۆران و ئابدانان و دەرەشار بووە.

واتە بە پێی وتەکانی ناوبراو ٥٣،٣٪ خەڵک لەو پارێزگایە بەشداری هەڵبژاردن بوون و لە هەموو ئێران پلەی چوارەمیان بەدەست هێناوە. هەر ئەو دەبێژێ ٤٤٧ هەزار کەس مافی دەنگدانیان هەبووە، ئەوەش لە کاتێکدایە کە بە پێی وتەی خۆیان ئەم پارێزگایە ٦١٧هزار و ١٠٢ کەس دانیشتووی هەیە. ئەم ئامار و ژمارانە تەنیا تایبەت بە ئیلام نییە و گەر ئاماری شار بەشاری کوردستان بخرێتە ژێر زەرەبین بە وردی دەردەکەوێ، ڕژیمی ئێران و دامودزگا و سیستەمەکەی چۆن کار دەکات. ئەم زانیارییانە ئەرکی کورد و دەزگای سیاسی، لە دژی تاکتیک و ستراتێژی ڕژیم دیاریی دەکات بۆ ئەوەی بزانن چۆن سیاسەتی ڕژیم پووچەڵ بکەنەوە.

لە شاری کەنگاوەر ٩٥٤٨١ دەنگ دراوە. هەڵبژاردراوەکان لە نێوان بیست بۆ چل وپێنج لەسەدی دەنگیان پێدراوە. لە پارێزگای کرماشان یەک هەزار و ٦٦٠ شوێنی هەڵبژاردن جێگیر و ناجێگر هەبووە و یەک ملیۆن و ٦٤١ هەزار و ٤٢٣ کەس بۆیان هەبووە بەشداری هەڵبژاردن بن. لە پاوە، جوانرۆ، ڕوانسەر و سەلاس باوەجانی ٦٧ هەزار و ٢٩٧ دەنگ دراوە و کەسێک بە ناو یۆسفی٤٤ لە سەد دەنگی پێبەخشراوە. لە قەسرشیرین، سەرپول زەهاو، گێلانغەرب ٧٦ هەزار و ٨٠٢ دەنگ دراوە و کەسێ بە ناو حوسێنی ٥٣ لە سەدی دەنگی پێبەخشراوە. لە ئیسلامئاوی غەرب و داڵاهۆ ٧٦ هەزار و ٣٢٥ دەنگ دراوە و کەسێک بە ناوی بەخشی پوور٤٢،٥٪ لە سەدی دەنگی پێبەخشراوە.

لە سەحنە، هەرسین و کەنگاوەر **١٣٠٩٦٠** کەس دەژین. بە گوێرەی مێدیای ڕژیم(ایرنا-ایسنا) ١٠١ هەزار و ٩١٦ دەنگ دراوە و کەسێک بەناو ئەحمەدی ٣٢هەزار و ٥٧٦دەنگی هێناوەتەوە. دەبێژن ئەمە سی و چوار ویەک لە سەدی دەنگەکان بووە. لای حکومەتی ئیسلامی٣٤،١٪ سی وچوار و یەک لە سەدی ١٠١ هەزار و ٩١٦ دەبێتە (دەبێتە ٣٢ هەزار و ٥٧٦ کەس).

ئەگەر نفووسی ئەم سێ شارە ١٣٠٩٦٠ کەس بوویێت بە پێی ئاماری خۆیان ١٠١هەزار و٩١٦کەس سەروی هەژدە ساڵ تەمەن بوون و ٧٧،٨٪ (حەفتاوحەوت و هەشت لە سەد) مافی دەنگدانیان هەبووە. واتە ژمارەی کەسانی ژێر هەژدە ساڵ لە هەر سێ شار دەبێ ٢٩٠٧٣(بیست و نۆ هەزار و حەفتاوسێ) کەس ٢٢،٢٪ بێ، کە ئەمە لە تەک ڕاستی ئەو شارانە و ڕێژەی منداڵانی هەر سێ شار و هەر شوێنێک لە کوردستان نایاتەوە.

لە سونقوروکولیایی بەرپرسانی ڕژیم دەبێژن ٤٥ هەزار و ٤٣١ دەنگ دراوە و مەلایەک بە ناوی حوسێنی کیا ١١هەزار و ١٢ دەنگی هێناوەتەوە. ئەم ڕێژەیە بە پێی وتەی شەعبانی ڕەییسی"ستادی هەڵبژاردن" دەبێتە٢٥،٣٧٪ (بیست وپێنج و ٣٧ لە سەد) کە ڕاستی ئەمەش دەبێتە ٢٤،٢٣٪(بیست وچوار و بیست و سێ).

ئەم چەند وێنەیە تەنیا حیساباتی هەڵەی ماتماتیکی ناگەیێنێت و گەندەڵی ناو سیستەمێک دەردەخات کە باکی لە هیچ چەشنە کۆنترۆل و چەواشەکاریی ئاشکرا نییە. ئەوەش دەردەخات کە هێزی کوردی لە حاند هێژمۆنی ڕژیم و دوورخستنەوەی خەڵک لە ڕژیم لەم ناوچانە سەرکەوتوو نەبوون.

سەرۆکی "ستادی هەڵبژاردن" لە پارێزگای سنە، ڕەمەزانی دەبێژێ: یەک ملیۆن و ٢٨١ هەزار و ٥٦٩ کەس بۆیان هەبووە لە پارێزگای سنە دەنگ بدەن. لەم ڕێژەیە ٣٩٠ هەزار و ٨٦ کەس دەنگیان داوە. واتە ٨٩١٤٨٣کەس بەشدار لە هەڵبژاردن نەبوون. بەم پێیە ٣٠،٤٣٪ (سی و٤٣لە سەد) بەشدار بوون و نزیک ٧٠٪ لە سەد بایکۆتی هەڵبژاردنیان کردووە. بە پێی وتەی ڕەمەزانی کەسێک بەناو زەندیان لە ٣٥هەزار و ٦٩٥ دەنگ ڕێژەی ١٠هزار و ٤٠٣ دەنگی لە شاری بیجار هێناوەتەوە، واتە ٢٩٪. لە شاری قورە کەسێک بەناوی شێخی زادە لە ٧٠ هەزار و ١٦٣ دەنگ ١٧هەزار و ٤٥٨ دەنگی پێدراوە، واتە نزیک ٢٥٪. بەم پێیە بایکۆت لە پارێزگای سنە بەرچاو بووە!

نفووسی پارێزگای ورمێ ٣ ملیۆن و ٢٦٥ هەزار کەس بووە و ٢ ملیۆن و ٥٦٤ کەس ئیزنی هەڵبژاردنیان هەبووە. پارێزگای کرماشان ١ ملیۆن ٩٥٢ هەزار نفووسی هەبووە و یەک ملیۆن و ٦٤١ هەزار و ٤٢٣ کەس مافی دەنگدانیان بووە. پارێزگای سنە ١ملیۆن و ٦٠٣ هەزار کەس نفووسی هەبووە و یەک ملیۆن و ٢٨١ هەزار و ٥٦٩کەس بۆیان هەبووە دەنگ بدەن. پارێزگای ئیلام ٥٨٠١٥٨ کەس نفووسی بووگە و ٤٧٠ هەزار کەس مافی دەنگدانیان هەبووە.

بە پێی ئاماری ڕژیمی تاران ئەم چوار پارێزگایەی کوردستان بە بێ ژمارەی کوردەکانی، کوردستانی خوراسان و کوردی شوێنەکانیتر، ڕێژەی دانشتووانیان **٧١٣٥٤٢٣** کەس بووە. ئەو کەسانەی مافی هەڵبژاردنیان بووە ژمارەیان ٥٣٩٣٥٥٦ کەس بووە. بەو پێیە لە هەموو ڕۆژهەڵاتی کوردستان **١٧٤١٨٦٧** کەسی ژێر هەژدە ساڵ بوونیان هەیە. واتە ٢٤،٤١٪ .

بۆ ئەوەی لەم ئامارانەی ڕژیم تێبگەین، دەکرێ کۆی ژمارەی خوێندکارانی ژێر هەأدە ساڵی خوێندنگەکان و باخچەی منداڵان لە هەر چوار پارێزگا هەر بە پێی ئاماری دەزگاکانی ڕژیم لێکدەینەوە. کۆی خوێندکارانی هەر چوار پارێزگا هەتا کۆتایی پۆلی دوازدە، دوور لە خوێندکارانی "دانشسەرا" و"حێرفەیی" و شوێنی تر **١٤٠٨١٤٥** ( یەک ملیۆن وچوارسەدوهەشت هەزار وسەدوچل وپێنج )کەسە. سەرجەم منداڵانی باخچەی منداڵان ٩٤٦٠٠ (نەودوچوارهەزار و شەش سەد) کەسە و کۆی گشتیان دەبێتە ١٥٠٢٧٤٥ (یەک ملیۆن وپێنجسەد ودووهەزار و حەوست سەد وچل و پێنج )کەس. واتە هەموو منداڵانی ژێر تەمەنی باخچەی منداڵان و ئەوانەی ڕێگایان نەکەوتۆتە باخچەی منداڵان و خوێندنگە٢٣٩١٢٢ (دووسەد سی و نۆ هەزار و سەد وبیست و دووو )کەسە، کە ئەمە دەبێتە٣،٠٠٪. واتە لە هەر سەد کەس خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سێ کەس منداڵی ژێر سێ ساڵانە. ئەمەش تەنیا لە سیستەمی کۆماری ئیسلامی ئێران دەوەشێتەوە. ئەوەش کە لە حەوت ملیۆن و سەدوسی وپێنجهەزار و چوارسەد و بیست و سێ ٧١٣٥٤٢٣ کەس، پێنج ملیۆن و سێسەد ونەود و سێهەزار و پێنجسەد و پەنجا وشەش کەس باڵای هەژدە ساڵ بن، واتە زیاتر لە ٧٥٪ حەفتا وپێنج لە سەد، جێگای تێرامان و بیرلێکردنەوەیە.

ئەگەر تەنیا ٢٠٪ بیست لە سەدی خەڵکی کوردستان بەشدار لە هەڵبژاردن بووبێتن، ڕێژەکەی دەبێتە باڵای یەک ملیۆن کەس. ئەگەر ٤٥٪ بەشداربووبێتن ڕێژەکەی دەگاتە نزیک دوو ملیۆن و نیو. بایەخ نەدان بەم ڕاستیانە و پەیدا نەکردنی هۆیەکانی، خۆفریودانە.

ئەم چاوخشاندنە خێرایە دەریدەخات ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەوە نییە وەک فانتێزی سیاسی لە لایەن گرووپ و دەستە و حزب لە مێدیاکان دەفرۆشرێ. ئەمە نوقسانی لە تێگەیشتنە و بە تەنیا هەڵبژاردن و ڕاپەڕینی ژینا و مانگرتن ناگرێتەوە و ڕووداوەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی ٤٥ ساڵ و پێشتر دەگرێتەوە . زانیاریی و لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لە سەر کۆمەڵگای کوردستان و گۆڕانکارییەکانی لە بەر دەستدا نییە، جگە لەو زانیارییانەی کە ڕژیم و دامودەزگاکانی بە پێی مەبەستی خۆیان بڵاوی دەکەنەوە. هەست و ئیحساس و غەریزە وڵامدەرەوەی سیاسەت و سەرکەوتنی سیاسی نییە. هەبوونی زانیاریی و بەکارهێنانی یەکێک لە هۆیەکانی پێشکەوتن و سەرکەوتنی سیاسییە.

برایم فەرشی

٢٠٢٤/٣/٥